# كوردستانێكی سەیرە گوڵم..؟

1

ئەرشەد زێباریی وجەوهەر هەركیتان باش حكومەتی هەرێم....؟

Msto123@hotmail.com

مستەفای حەسەنە گەورە



ئەوەی لەم كوردستانە ئەگوزەرێ لە هیچ شوێنێكی ئەم سەر زەمینە قابیلی قبوڵ نیە، مەگەر هەر لە فەرهەنگی دەسەڵاتی پڕ گەندەڵی خۆماڵی خۆمان نەبێت، كێ دیویە لەهیچ دەورو زەمانێكدا كۆنە جاشێكی سەر دەمی بەعس .فەوجەكانیان نیوەی كوردستانیان ئەنفال كردبێ، ئێستا حزبێكی كوردی لەدژی حكومەتی هەرێم بەفیتی میتی توركی و سەرپەشتی وڵاتانی دراوسێی عەرەبی لە سەروی هەموویانەنەوە میسرو سعودی و بەئاگاداری ڕاستەو خۆی ئەیاد عەلاوی كۆنە بەعسی و دۆستی نزیكی كورد، ببورن دۆستی گیانی بە گیانی دەسەڵاتی كوردی. جگە لەبەشداری ڕاستەوخۆی یەكگرتووی ئیسلامی.
پێویست بە هیچ قسەو باس و لێكولینەوەی سیاسی و فەلسەفی ناكات، دەسەڵاتێك ، حكومەتێك ، پێش هەر هەنگاوێكی ئاوەدان كردنەوەو، گرنگی دان بە دۆزی ئەنفال و هەڵەبجەو كەسو كاری قوربانیانی ، دەستی ڕژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ، بێت لە هەنگاوێكی نا شۆرش گێڕانە ، لێبوردنی كۆنە جاش و ئەنفال چیەكان دەربكات. هەڵبەتە هەر ئەمە داهاتوو دەستكەوتی ئەبێت. ئەگەر حكومەتی هەرێم بەپەلە نەكەوێتە خۆێی و بەسیاسەتەكانی پێشووی خۆیدا نەچێتەوەو دیوەخانانەی كۆنە جاش و موستەشارەكان دە بەرابەر زیاد نەكات، ئەوا هەموو كۆنە جاش و ئەنفال چییەكان پەیوەندی بەم حیزبە تازەیەی ئەرشەد زیبارییەوە ئەكەن و ئەم سەر وەتو سامانی نەتەوەییەما لە كیس ئەچێ....؟
بەپێویستی ئەزانم لە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی عێراق بپرسم، لەسەر جەوهەرو ئەرشەد بەپەلە هەڵوێست وەرئگرن و كۆبوونەوەی بەپەلەی هاوبەش، بەئاشكرا پێیان ئەڵێن ئەوانە باب و باپیریان هەر جاش بووە ، ئەی ئەوانی تری كەهەردووك لاتان ، وەك چاوی خۆتان ئەیانپارێزن، جگە لەبەشداری ئەنفال و شەهید كردنی پێشمەرگەو دەیان تاوانی تر. تائێستا دەیان داوای یاسایان لەسەر تۆماركراوەو ، كەسێكیان ئامادەی دادگا نەبووە ، كەئۆباڵی ڕاستەوخۆی لەئەستۆی ئێوە دایە، بەڵام كاتێ كاردەگاتە ئەوەی مەترسیەك بۆ سەر دەسەڵاتی ئێوەی هەبێت خیرا دێنە دەنگ و هەڵوێست وەرئەگرن، ووتمان كوردستانێكی سەیرە بەڵام ئەوەندەش سەیرنا....؟

2

## ئەتاتوركتان باش سلێمانی

دوێنێ بوو سەیارەیكی میتی توركی هێواش هێواش لەسەر جادەی شەست مەتری ڕێی ئەكردو ، بەكامیرای دوا مۆدێل وێنەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیس و ئەو شوێنە هەستیارانەی ئەگرت، جا تۆ بڵێی لە سلێمانی شوێنی هەستیار و گرنگ هەبێ ، هەمووی لەخزمەت، دۆستە میتەكانماندایە، بە بیستنی ئەم هەواڵە،نەك هەر دڵ گران ئەبێت ، نەك هەر تف لەئاسمان و ڕیسمانی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و لە هیچ دەسەڵاتێ نەچووە ئەكەی ، بەڵكو بێز لەكورد بوونی خۆشت ئەكەیتەوە. لێرە پرسیارێكی بچكۆلە، پەنجەی شەرمن و لەرزۆكی هەڵئەبرێو ئەپرسێ ئاخۆنوێنەری حكومەتی كوردستان لە ئەنقەرەی پایتەختی شۆفینیزمی تورك ، ئایا جەنابی بۆی

هەیە خۆی یان هەڤالانی  چەقۆیەکی میوەشی پێبێت، یان کاتێ سەردانی ئەمنیەتەکەی ئەنقەرە ئەکات ، چەند هەزار جار ئەی پشکنن، ئاخۆ لەخەونیشیا ئەتوانێ بلێ خەڵکی کوردستانم.
کەم نین بەسەر هاتو سەر گوزەشتەی ئەو کوردانەی کە دەرەی کوردستان ئەژین و لە ڕێگای تورکیاوە ئەگەڕێنەوە کوردستان، سەدەها ئیهانەو سوکایەتی پێ کردن، هەرلەبەر کورد بوونت. ئەوەی لەناو تورکیاو فڕۆکەخانەکان  و سەرسنور ئەگوزەرێ خاتری دۆستایەتیو برایەتی کوردو تورک بێ...؟ بەڵام لە سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانی جاران، چەند میتێک بە چەکی بێ دەنگوو سەیارەی بێ ژمارە وێنە بگرێ و کاتێ داوای وەستانیان لێ ئەکرێ میلی چەک بهێننەوەو سەروەری خەڵکی کورد بخەنە ژێر پێیانەوە، لەولاشەوە بەڕیزەوە بەڕێ ئەکرێن . سەرەڕای ئەوەش دەزگای عەسکەر تاریەتی ئەتاتورک ، هەڕەشەی زیاتر ئەکەن لێمان.
ووتمان کوردستانێکی سەیرە گوڵم بەڵام ئەوەندەش سەیرنا....؟